HUMAN RIGHTS WATCH

کورتەی وڵات — کانوونی دووەم 2013

کانوونی دووەمی 2013

# عێراق

ڕەوشی  مافەکانی مرۆڤ لە عێراق بە تایبەت بۆ زیندانیان و ڕۆژنامەنووسان و چالاکەوانان و ژنان و کچان لە بارودۆخێکی خراپدا ماوەتەوە. هێزە ئەمنیەکان بەردەوام بوون لە ڕەشبگیری و  ئەشکەنجەدانی زیندانیان و دەست بەسەرکردنی هەندێکیان لە دەرەوەی دەسەڵاتی وەزارەتی داد.

وەزارەتی داد ئاماری لە سێدارەدراوانی ساڵی 2012ی  ئاشکرا کرد، بەڵام زانیاریەکی کەمی لەسەر ناسنامەی لە سێدارەدراوەکان بڵاوکردەوە .

هێزە ئەمنیەکانی عێراق بەردەوام بوون لە وەڵامدانەوەی خۆپیشاندەرانی هێمنانە بە هەڕەشە و توندوتیژی و تۆقاندن و دەستگیر کردنی ڕۆژنامەنووسان. ئەم هێزانە و بەرپرسانی حکومی  بەردەوام بوون لە هەراسان کردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە ڕەخنەیان لە حکومەت گرتووە.

لە مانگی نیسانی ساڵی 2012دا، پەرلەمانی عێراق  یاسایەکی تێپەڕاند کە تێیدا بازرگانی کردنی بە مرۆڤەوە کردە تاوان، بەڵام یاساکە بەشێوەیەکی کاریگەر نەخراوەتە بواری جێبەجێ کردنەوە. هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی نەناوە بۆ جێبەجێ کردنی یاسای  قەدەغەکردنی شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی مێینە کە لەساڵی 2011دا لەلایەن پەرلەمانی هەرێمەوە دەرچوو .

بەسەدان هاووڵاتی مەدەنی و هێزەکانی پۆلیس کوژران لە تووندوتیژیەکان و چەندین پەلاماری ئەنقەستدا، هەموو ئەمانەش دەگوزەرێ لە ناوەڕاستی ئەو تەنگژە سیاسیەیە کە لە کانوونی یەکەمی ساڵی 2011 وە لە عێراقدا هاتووەتە ئاراوە .

**دەستگیر کردن، ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدان**

هێزەکانی وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ و داد لەگەڵ ئەو هێزە تایبەتانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە نووسینگەی سەرۆک وەزیرانەوە هەیە بەردەوام بوون لە شاڵاوە ڕەشبگیریەکانیان و دەستبەسەرکردنی خەڵک لە زیندانە نهێنیەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆ و داد. لە مانگی ئازاردا، وەزارەتی داد ڕایگەیاند کە هەڵدەستێت بە داخستنی زیندانی نهێنی "کامپی شەرەف"، بەڵام هیومان ڕایتس ووٚچ لە چەندین سەرچاوەی جیاوازەوە زانیاری دەست کەوت کە زیندانەکە تا کۆتای مانگی ئازاری 2012 بەکارهاتووە. لە ساڵی ڕابردوودا هیومان ڕایتس ووٚچ  ڕاپۆرتێکی لەسەر ئەشکەنجەدان لەم زیندانەدا ئەنجامدا .

ژمارەیەک لە دەستگیرکراوانی هەڵمەتە ڕەشبگیریەکانی کۆتایی ساڵی 2011 و هەڵمەتەکانی مانگی ئازاری ساڵی 2012 کە تێیدا حکومەت بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی لووتکەی وولاتانی عەرەبی لە بەغداد ئەنجامیداو ئەفسەرانی هێزە ئەمنیەکان ئەو ڕۆژەیان وەک گرتنە بەری ڕێوشوێنی "پێش وەخت" بۆ بەرگرتن لە کردەوەی تیرۆرستی ناوزەند کرد، ڕایانگەیاند کە رووبەڕووی ئەشکەنجەدان بوونەتەوە. شەش لەو دەستگیرکراوانەی لە مانگی نیساندا ئازاد کران ووتیان کە ئەفسەرانی لێکۆڵەرەوە پێیان ووتوون ئامانج لە دەستگیر کردنیان کەمکردنەوەی کاری تاوان و هەر خۆپیشاندانێکە کە ببێتە مایەی شەرمەزار کردنی عێراق لەو ڕۆژەدا .

بوونی ئاسەواری ئەشکەنجەدان لەسەر جەستەی پاسەوانی پێشووی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق تاریق هاشمی و پاشان گیان لەدەستدانی لە زینداندا لە مانگی ئازاردا بەڵگەی دیارن بۆ ئەشکەنجەدان، هەروەها گیان لەدەستدانی عیرفان ئەحمەدی شاعیر لەماوەی دەستبەسەریدا لەلایەن پۆلیسی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە مانگی ئابدا. دەسەڵاتداران ئەنجامی لێکۆڵینەوەی هیچ کام لەم دوو کەیسەیان ئاشکرا نەکردووە.

بەرپرسانی حکومەت ڕیانگەیاند کە لە 70% بەندیخانەکان زیاد لە توانای خۆیان زیندانیان تێدایە کە ژمارەیەکی زۆریان بەبێ دادگایکردن و پێداچوونەوەی کەیسەکانیان لەلایەن دادگاوە ماوەیەکی دوورودرێژە لەو زیندانانەدان .

زیندانیانی ژمارەیەکی زۆری بەندیخانەکان بە بەندیخانەی ژنانیشەوە لە ڕەسافەی بەغداد بە دەست قەرەباڵغی و کەمی ئاو و خۆراکەوە دەناڵێنن.

لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمی 2012دا، وەزارەتی داد ڕایگەیاند کە 129 کەس لە عێراقدا لە سێدارە دراوون، ژمارەکە هەڵکشاوە بەبەراوورد بە ساڵی 2011 کە تێیدا 68 کەس لە سێدارەدرابوون. بەپێی یاساکانی عێراق 48 کاری تاوان سزای لە سێدارەدانیان هەیە بە تاوانی بازرگانی کردن بە مرۆڤیشەوە کە بەم دوایانەپەرلەمانی عێراق بڕیاری لەسەردا .

**ئازادی گردبوونەوە**

هێزە ئەمنیەکان بەردەوام بوون لە توونددوتیژیکردن و تۆقاندن و دەستگیرکردنی خۆپیشاندانی هێمنانە. لە 17ی شوباتدا، بە سەدان لە هێزە کانی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئابڵوقەی خۆپیشاندەرانی ئاشتیخوازی بەردەرکی سەرای شاری سلێمانیاندا و بە دەیان لەم هێزانە بە جل و بەرگی مەدەنیەوە کەوتنەپەلاماردانی خۆپیشاندەران و ژمارەیەکیان لێ دەستگیر کردن .

لە 25ی شوباتدا، هێزە ئەمنیەکانی شاری بەغداد بەریان بە سەدان خۆپیشاندەر گرت کە هەوڵیان دەدا بگەنە ناوچەی تەحریری ئەو شارە بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکان. نزیکەی 1000 چەکدار کە لەسەر قەراغی شەقامەکان بڵاوبووبونەوە بە خۆپیشاندەرانیان دەووت کە لیستێکی درێژ ناویان پێیە کە فەرمانی دەستگیرکردنیان هەیە تەنانەت ئەو کەسانەش دەستگیر دەکەن کە ناوەکانیان لێکچووە لە ناوەکانی ناو لیستەکە .

**ئازادی ڕادەربڕین**

بارودۆخی ڕۆژنامەنووسان لە ساڵی 2012دا بە کەشێکی سەرکوتکاریدا تێپەڕی. پەرلەمانی عێراق لەسەروبەندی تاوتوێکردنی چەند یاسایەکدایە کە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی گردبوونەوە و ئازادی دەزگاکانی ڕاگەیاندن سنووردار دەکەن، لەوانە یاسای ئازادی ڕادەربڕین، گردبوونەوە و خۆپیشاندانی هێمنانە لەگەڵ یاسایەک بۆ ڕێکخستن و دامەزراندنی پارتی سیاسی، بەپێی ئەم یاسایانە ئەو کەس و لایەنانە سزادەدرێن کە "پێشێلکاری ئادابی گشتی" دەکەن و "پەیامی دور لە ڕەوشت" بڵاودەکەنەوە. لە مانگی ئەیلولدا، دادگای باڵای فیدراڵی داوای ڕێکخراوێکی ڕاگەیاندنی ناوخۆیی سەربەخۆیی ڕەتکردەوە کە داوای هەڵوەشاندنەوەی یاسای پارێزگاریکردن لە ڕۆژنامەنووسانی کردبوو لەسەر ئەو بنەمایەی کە یاساکە ناتوانێ بە ڕاستی پارێزگاری لە ڕۆژنامەنووسان بکات جگە لەوەش مافی دەستکەوتنی زانیاری سنووردار دەکات.

کۆمیتەی پارێزگاریکردن لە ڕۆژنامەنووسان(CPJ) بۆ ساڵی 2012 عێراقی لە لوتکەی لیستی ئەو وواڵتانە دانا کە کەیسی کوشتنی ڕۆژنامەنووسانی تێدا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە هەروەها ڕاپۆرتی کۆمیتەکە دەڵێ لە ساڵی 2003 وە بکوژی هیچ ڕۆژنامەنووسێک سزانەدراوە .

بەرپرسانی عێراق هیچ کەسێکیان دەستگیر نەکردوە بە تۆمەتی کوشتنی هادی ئەلمەهدی کە ڕۆژنامەنووسێکی ڕەخنەگر بوو لە حکومەت و لە ئەیلولی 2011دا کوژرا. زەردەشت عوسمان یەکێکی ترە لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە ساڵی 2010دا ڕفێنراو پاشان کوژرا لە پاش بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێکی توانج ئامێز لە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرگیز ووردەکاریەکانی لێکۆڵینەوەی کوشتنی ئەو ڕۆژنامەنووسەی ئاشکرا نەکرد .

لە 8ی ئایاردا، کۆمسیۆنی نیشتمانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی عێراق  داوای لە وەزارەتی ناوخۆی ئەو ووڵاتە کرد کە ڕێوشوێنی یاسای پێویست لە دژی 44 دەزگای ناوخۆیی و بیانی ناو عێراق بگرێتە بەر، بەپێی ووتەی کۆمسیۆنەکە ئەم دەزگایانە بە نایاسایی لە عێراقدا کاردەکەن. تا نووسینی ئەم ڕاپۆرتە ئەو دەزگایانەی ڕاگەیاندن بە کراوەی ماونەتەوە،  بەڵام بەهۆی  قورس بوونی پرۆسەی تۆمارکردنەوە دەکرێت ئەم دەزگایانە بە ئاسانی ڕووبەڕوی داخستن ببنەوە . یەکێک لە بڕگەکانی یاسای تاوانی زانیاری تەکنەلۆجی کە چاوەڕوانی پەسەندکردنی پەرلەمانی بۆ دەکرێت، سزای زیندانی هەتاهەتایی و غەرامەیەکی زۆر بۆ هەندێک تاوان دادەنێ کە پێناسەیەکی روونیان نیە وەک بەکارهێنانی "ئەنقەستی" ئامێرەکانی کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی زانیاری بۆ زیان گەیاندن بە بەرژەوەندیە ئابووری و سیاسی و سەربازی و ئەمنیەکانی ووڵات .

**مافەکانی ژنان و کچان**

ژمارەیەکی زۆری  ژنانی عێراق لەئەنجامی ململانێی سەربازی و کردەوە تووندوتیژیەکان و ئاوارە بوونەوە مێردەکانیان لە دەستداوە.  نەبوونی سەرچاوەی دارایی پێویست وادەکات  ئەم ژنانە بە ئاسانی بەکاربهێنرێن بۆ بازرگانیکردن و کاری لەش فرۆشی .

لە مانگی نیساندا، پەرلەمانی عێراق یاسای ڕووبەڕوبوونەوەی بازرگانیکردنی بە مرۆڤەوە پەسەندکرد.  یاساکە ئەرکی حکومەت و  سزای  ئەو کەسانەی بازرگانی بە مرۆڤەوە دەکەن دیاری دەکات. هەرچەندە بەرپرسانی حکومەتی عێراق لە

مانگی ئەیلولدا هەواڵی دەستگیر کردنی سەرۆکی باندێکی بازرگانیکردنیان بە مرۆڤەوە ڕاگەیاند، بەڵام هێشتا هەنگاوی پێویستیان نەناوە بۆ بنبڕکردنی دیاردەکە و سزادانی هەموو ئەو کەسانەی تر کە تاوانبارن بە بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە. قوربانیانی ئەم دیاردەیە بەردەوام گازندەی ئەوەدەکەن کە پاسپۆرتەکانیان دەستی بەسەردا دەگیرێ و ڕێگریان لێدەکرێ لە وەرگرتنی فیزە و ناسنامەی نوێ ئەمەش وایان لێدەکات ڕووبەڕووی دەستگیر کردن ببنەوە و بێبەشبن لە خزمەت گوزاری تەندروستی .

لە حوزەیرانی 2011دا، پەرلەمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسای توندوتیژی خێزانی تێپەڕاند. یاساکە بەشوودانی بەزۆر و مامەڵەی خراپ لەگەڵ ژنان و کچان و پەیڕەوکردنی نەریتی شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی مێینە بە تاوان لەقەڵەم دەدات. جێبەجێکردنی یاساکە لە ڕوشێکی خراپدایە، بە دەیان لە کچان و ئەو ژنانەی ئەم نەریتە لەسەر کچان ئەنجام دەدەن ووتیان لەپاش دەرچوونی یاساکەوە یان نەریتەکەیان لەسەر ئەنجامدراوە یان هەستاون بە ئەنجامدانی. دەسەڵاتدران هیچ ڕێوشوێنێکیان نەگرتووەتەبەر بۆ لێکۆڵینەوە لەم کەیسانە.

**گرووپی تر کە لەژێر هەڕشەی مەترسیدا بوون**

ئەو گەنجانەی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە لە ڕووخساری دەرەوەیاندا جیاوازن وەک هاوڕەگەزبازەکان و ئەوانەی بە "ئیمۆ" ناسراون کە بە شێوازێکی تایبەت جل و بەرگ دەپۆشن و گوێبیستی موزیکێکی تایبەت دەبن لە مانگی مارسدا ڕووبەڕووی زنجیرەیەک هێرش و پەلامار بوونەوە. گرووپە ناوخۆییەکانی مافی مرۆڤ و چالاکەوانان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەواڵی کوشتنی ژمارەیەک لەم گەنجانەیان ئاشکرا کرد. لەبری گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ پارێزگاری کردن لەو گەنجانەی کرابوونە ئامانج، وەزارەتی ناوخۆ ووتی هەواڵی هێرشکردنە سەر ئەو کەسانەی گومانی هاوڕەگەزبازیان لێدەکرێت و ئەوانەی بە "ئیمۆ" ناسراوون "دروستکراوە"و هیچ "بنەمایەکی" نیە. ئەو وەزارەتە هیچ ڕێوشوێنێکی نەگرتەبەر بۆ سزادان و دەستگیر کردنی هێرشبەران .

لە مانگی کانوونی دووەم، عێراق بەڵێنامەی مافی کەمئەندامانی پەسەندکرد ، بەڵام حکومەت هەنگاوی پێویستی نەناوە بۆ دڵنیابوون لە بنبڕکردنی مامەڵەی خراپ بەرامبەر کەمئەندامان و دابین کردنی مافەکانی خوێندن و کارکردن و ئامرازەکانی هاتوچۆ و خزمەت گوزاری تەندروستی و خزمەت گوزاریەکانی تر وەک لە بەڵێننامەکەدا هاتووە. ژمارەیەکی زۆر لە کەمئەندامانی عێراق بەوانەشەوە کە بەهۆی جەنگ و نەخۆشی و هۆکارەکانی ترەوە کەم ئەندام بوون ناتوانن جۆری ئەو پشتگیریە دەستەبەر بکەن کە یارمەتیانبدات بۆ دووبارە گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ئاسایی.
لە تشرینی یەکەم، تۆێژینەوەیەک لەسەر پیس بوونی ژینگە بە مادده کیمیاویەکان بە بەڵگەوە نیشاندا کە ڕێژەی لەبارچوون و کەمئەندام بوون لە نێو منداڵانی بەسرە و فەلوجە لە زیادبووندایە بەهۆی پیس بوونی ژینگە بە مادده کیمیاویەکان لەکاتی ئۆپراسیۆنە سەربازیەکانی سوپای ئەمریکا لەو ناوچانە.

**ئاوارە و پەنابەران**

بەپێی ئاماری کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان، لەسەرەتای دەستپێکردنی ململانێ سەربازییەکانی ناوخۆی سووریاوە، نزیکەی 30000 ئاوارەی خەڵکی سووریا ماڵ و حاڵیان جێهێشتووەو ڕوویان لە عێراق کردووە. لە

مانگی ئابدا، حکومەتی عێراق دەروازەی سنووری "القائم"ی بە ڕووی ئاوارە سووریەکاندا داخست. دواتر لە مانگی ئەیلولدا، حکومەت دووبارە ئەو سنوورەی کردەوە، بەڵام ڕایگەیاند کە ڕێگە بە گەنجەکان نادات بۆ هاتنە ناوەوە.

حکومەتی عێراقی هیچ پلانێکی گونجاوی نیە بۆ گەڕانەوەی ئەو کەسانەی لە ناوخۆی عێراقدا ئاوارە بوون و هەروەها ئەوانەی ئاوارەی وولاتانی دراوسێ بوون. لە مانگی تەموزدا، حکومەتی عێراق هاوکاری گەڕانەوەی هەزارەها پەنابەری عێراقی لە سووریا کرد بە دابین کردنی بلیتی فڕۆکە و پاس بۆیان، بەڵام حکومەت نەیتوانیوە هاوکاریان بکات لە دابین کردنی خانوو و دۆزینەوەی کار. بە هەزارەها لە ئاوارەکانی ناوخۆی عێراق لە گوزەرانێکی خراپدا دەژین لە ڕووی شوێنی نیشتەجێبوون و نەبوونی پێداویستیە سەرەتاییەکانی وەک ئاوی خواردنەوە و کارەبا و هۆکارەکانی پاکژی. زۆرێک لەم ئاوارانە بێوەژنن و سەرچاوەیەکی دارایی زۆر کەمیان هەیە.

لە مانگی ئەیلولدا، نەتەوە یەکگرتووەکان هەستا بە گواستنەوەی 3200 ئەندامی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێرانی لە ناو عێراقدا. (یۆنامی) سەرپەرشتی گواستنەوەی ئەندامانی موجاهیدینی خەڵقی کرد لە کامپ "ئەشرەف"ەوە کە پێشتر کامپێکی سەربازی بوو ئەندامانی ئەم گرووپە لە ساڵی 1986وە لێی نیشتەجێن بۆ کامپی "ئازادی" کە ئەمیش پێشتر کامپی سەربازی بووە. لە هەمان مانگدا، وەزیری دەرەوەی وولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیاری سڕینەوەی ناوی گرووپەکەی لەناو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانی وەزارەتەکەیدا پەسەند کرد.

**ئەو لایەنە نێودەوڵەتیانەی ڕۆڵی سەرەکیان هەیە**

وولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا فشاری جدی نەخستۆتە سەر حکومەتەکەی مالکی بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی و پێشێلکاریە بەردەوامەکانی مافی مرۆڤ لە وولاتەکەیدا.

لێکۆڵینەوەو بەرپرسیارێتی لەو پێشێلکاریانەی لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە لەکاتی جەنگدا لە عێراق ئەنجامدرا بەتەواوی پشتگوێ خراوە. لە 24ی کانوونی دووەم، دادگایەکی سەربازی سزای فرانک ووتریک یدا بە دابەزاندنی پلەکەی و بڕینی دوو لەسەر سێی مووچەی سێ مانگی بەهۆی بەرپرسیار بوونی لە کۆمەڵکوژیەکەی الحدیسە کە تێیدا هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی 2005دا لەو شارە 24 هاووڵاتی مەدەنی عێراقیان کوشت کە لە نێویاندا ژن و منداڵ هەبوون. فرانک ووتریک لەسەرەتاوە تۆمەتباربوو بە تاوانی کوشتن پاش ئەوەی دانی بەوەدا نابوو کە کەمتەرخەم بووە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەیدا چونکە بە پیاوەکانی ووتبوو "یەکەمجار تەقەیان لێبکەن دواتر پرسیاریان لێبکەن"، بەڵام فرانک ووتریک هیچ سزایەکی بەندکردنی بەسەردا نەسەپێنرا.

لە مانگی نیساندا، ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی بڵاوی کردەوە کە لە ساڵی 2003 دا لە عێراق لەکاتی گواستنەوەی 64 زیندانی لەلایەن سەربازێکی ئوستralیەوە بۆ بەندیخانەیەکی نهێنی کە تێیدا دەزگای هەواڵگری (سی. ئای. ئەی.) و (ئێم. ئای. سکس.) ی بەریتانی لێکۆڵینەوەیان تێدا ئەنجامداوە، دووان لە بەندیەکان گیانیان لەدەست داوە، بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکە گومان دەکرێت ئەو دوو کەسە لەلایەن سەربازە بەریتانیەکانەوە لێیان درابێت.